Revolutionareis Union of Kurdistan

Central Committee

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی

# خەباتگێڕانی نەتەوەیی چۆن دەڕواننە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ئێران

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

بە پێی بڕیار و ڕاگەیەندراوی فەرمیی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی 27ی جۆزەردانی داهاتوو، بۆ نۆهەمین خولی سەرکۆماریی، هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێ.

ئێستا ئیتر پاش زیاتر لە چارەگە سەدەیەك دەسەڵاتدارێتی ئاخوندەکان، بۆ هەموو ئەوانەی ڕاستییەکان وەك خۆیان دەبینن، ڕوونە کە نە قەت هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕاستەقینە لە ئێراندا بەڕێوە چووە و نە ئەوانەی لە کۆتایی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکاندا هاتوونەتە سەرکار و خراونەتە بەر کار، توانیویانە دەردێك لە هەزاران دەردی خەڵك دەرمان بکەن و ڕێزێك لە ئیرادە و ویستیان بگرن. هەڵبژاردنی ڕۆژی 27ی جۆزەردانیش هەر درێژەی ئەو شانۆگەرییانەیە و ئەوەی لە ئاکامی ئەو شانۆگەرییەدا پۆستی سەرکۆماری ئێران دەگرێتە دەست هەر لەو قوماشەیە. لە ڕێژیمێکدا کە زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵك "قانونی" کراوە و دانیشتوانی وڵات چارەنووسیان لە پێشدا دیاری کراوە، ئیتر چ جێگایەك بۆ هەڵبژاردن و شتی لەو بابەتە دەمێنێ؟ ڕێژیمێك کە جینایەتکارانی وەك ڕەفسەنجانی و موحسینی ڕەزایی و لاریجانی و قالیباف ببنە سەرکۆماری، دەبێ چ هیوایەکی پێ ببەسترێ؟

ئەگەر 8 ساڵ لەمەوبەر لە بارودۆخێکی تایبەتدا، کۆمەڵانی خەڵك بە تەمای گۆڕانکاریی دیمۆکراتیك متمانەیان بە بەڵێنەکانی محەممەدی خاتەمی کرد و دەنگیان پێدا، دوو دەورە سەرۆکایەتی ناوبراو و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی، سەلماندی کە لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نە هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی بە ئاقاری دیمۆکراتیك دەکرێ و نە ئەوانەش کە سوێندخۆر و دەسپەروەردەی مەکتەبی ولایەتی فەقیهن دەربەستی بەرژەوەندی خەڵك و متمانە و باوەڕیانن.

سەرانی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا بەرەو ڕێکخستنی شانۆگەریی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەچن کە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، پێویستییان بە مانۆڕ و خۆپیشاندانی سیاسی هەیە. کۆماری ئیسلامی نوقمی قەیرانە. ئەوەندەی بۆ نێو خۆی ئێران دەگەڕێتەوە لە مێژە مەشروعیەتی سیاسی لە دەسداوە و تەنیا بە پشت بەستن بە هێزەکانی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات و بە زەبری سەرکوت و کوشتوبڕی خەڵك بە پێوە ماوە. لە بەستێنی دەرەکییدا بێجگە لەوەی لە لایان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەر وا بە داڵدەدەر و پشتیوانی تیرۆریزم دەناسرێ و لە سەر مەسەلەی پوختە کردنی ئۆرانیوۆم بە توندی بەربینگی پێگیراوە؛ گۆڕانکارییەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروپشتی تەنگیان پێهەڵچنیوە.

بۆیە لە بارودۆخێکی وادایە کە سەرانی کۆماری ئیسلامی تەواوی هێز و توانای خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی بازاڕی شانۆگەریی هەڵبژاردن گەرم بکەن. ئەوان بەتەمان بەشداریی خەڵك لەو شانۆگەرییەدا بکەنە بەڵگەی مەشرووعیەتی سیاسی؛ دەیانەوێ بەشداریی خەڵك بکەنە کەرەستەی بەرپەرچدانەوەی گوشارەکانی

ئەمریکا و خۆ دەرباز کردن لە ژێریان. سەرکەوتنی ڕێژیم لەو مانۆڕ و شانۆگەرییەدا تەمەنی نگریسی درێژتر و بە پێچەوانەوە، شکستی، پڕوسەی ڕمان و رووخانی خێراتر دەکا!

بۆیە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان داوا لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد و هەموو ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران دەکا، شانۆگەریی هەڵبژاردنی ڕۆژی 27ی جۆزەردان تەحریم بکەن و بەشداریی تێدا نەکەن.

**ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد!**

**تێکۆشەران، ڕۆشنبیران، ئازادیخوازان!**

ئەگەر ئەو هۆیانەی بۆ تەحریمی هەڵبژاردن باسکران گشتیین و ئێمە و هەموو ئازادیخوازێك لە ئێراندا پێکەوە کۆدەکاتەوە، بۆ گەلی کورد فاکتۆرێکی تایبەت و گرینگتر لە هەموو ئەوانە بۆ تەحریمی شانۆگەرییەکی ئەوتۆ، هەیە! بۆ ئێمە هەر تەنیا ئەوە جێی قسەنییە کە سەرانی کۆماری ئیسلامی جینایەتکار و تیرۆریست و تاوانبارن؛ بۆ ڕۆڵەکانی گەلی ئێمە هەر ئەوە جێی قسە نییە کە سیستەمی هەڵبژاردن لە ئێراندا نادیمۆکراتیکە، یان ڕێفۆرمخوازیی دەوڵەتیی تراویلکەیە و بەس!

لە ڕوانگەی ئاڵا هەڵگرانی ئامانجە نەتەوەییەکان و خەباتگێڕانی قوتابخانەی کوردایەتییەوە، وێڕای ئەو فاکتۆرانە و گرینگتر لە هەموویان، ئەو سیستەمە سیاسییە سانترالیستییەیە کە خاکی باو و باپیرانی ئێمەی داگیر کردوە، هەموو ماف و ئازادییەکانمانی زەوت و پێشێل کردوە و گەلی ئێمە نە لە سەر خاکی خۆی خاوەنی ماف و دەسەڵاتە و نە لە حکومەتی ناوەندییدا بەشدارە و نەویست و داخواز و مافەکانی لە قانوونی بنەڕەتی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە.

نەتەوەی ئێمە لە هەموو پارچەکانیدا زیاتر لە یەك سەدەیە بۆ هەڵوشاندنەوەی ئەم سیستەمە سیاسییانە خەبات دەکا و خوێنی شەهیدەکانیشی لەوپێناوەدا بووە.

ئێمە بۆ دەرهێنانی بەردی بناغە و هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستەمە سیاسییە خەبات دەکەین و لە سەر ئەوە سوورین کە دەبێ وێڕای هێنانە خوارێی سەرانی تیرۆریست و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە سەر تەختی دەسەڵات، سیستەمی سیاسیی سانترالیستی ئێران هەڵوەشێتەوە؛ قانوونی بنەڕەتی لە سەر بناخەی ڕێککەوتنی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران دابڕێژرێتەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان گەلی ئێمە و گەلانی دیکەی ئێراندا بە یەکسانی دابەش بکرێ و لەگەڵ بەڕەسمیەت ناسینی مافی دەسەڵاتدارێتی نەتەوەیی لە کوردستان، گەلی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندییدا پڕ بە بەشی خۆی بەشدار بێ و ئەگەر قەراربێ ئێرانێك هەبێ، دەبێ بریتی بێ لە دەوڵەتی یەکگرتنی ئارەزوومەندانە، ئازادانە و بەرابەری نەتەوەکانی کورد و ئازەری و فارس و بەلووچ و عەرەب و تورکمەن.

کێشەی گەلی ئێمە کێشەیەکی سیاسییە، پرسی نەتەوایەتی و ماف و دەسەڵاتی نەتەوەییە، پرسی خاك و ئاڵا و نیشتمانە. ئەوانەی وا بەهەر ناوێکەوە پرسی کوردان تا ئاستی کێشانی ڕێگاوبان و بەرق و تەلەیفوون و دامەزراندنی چەن "کورد"ێك لە تاران و گرێدانی بە ناکۆکیی مەزهەبییەوە نزم دەکەنەوە، ئەگەر ئاڵقە لە گوێ و کرێگرتەی سەرانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی نەبن، لە باشترین حاڵەتدا گەمژەو نەزانن!

بۆیە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەلەکەمان بانگهێشت دەکا سنووقەکانی دەنگدان بە سەر بکوژانی ڕێبەرانی کورد و دستوپێوەندەکانیاندا بە جێ بێڵن و ئاڵای ئەو ئامانجە نەتەوەییانە

هەڵگرن و ڕێگا نەدەن هیچ دەستە و تاقمێکی هەلپەرست سات و سەودا بە کورد و ئامانج و ئاواتەکانیەوە بکا و لە پرۆسەیەکدا بەشداربن کە ڕێژیمی سیاسی سانترالیستی و بەڕێوەبەرانی جینایەتکار و تیرۆریستی بە هێز دەکا.

هەر لێرەوە پێویستە ئەو کەسانەی لە کوردستان بوونەتە دەلاڵ و زوڕناژەنی بکوژانی ڕێبەران و ڕۆڵەکانی گەلی کورد و فەرمان و بەرتیلیان لێوەر دەگرن و بازاڕ گەرمییان بۆ دەکەن، ئاگادار بکەینەوە کە بەرامبەر بەو خەیانەتەی بە گەلی کوردی دەکەن هەر خۆیان بەرپرسیارن!

**شەکاوە بێ ئاڵای رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

5ی جۆزەردانی 2705

26ی مایسی 2005

www.ruk2691.com
ruk2691@yahoo.com
ruk.europa@betuwe.net
mobil: 009647504480467
TEL: 0031263252693
fax: 0031263252157
Hewler: 2226682